کوژرانی 10 کەس لە هێرشی فڕۆکەکانی ئیسرائیل بە سەر غەززە



ئەمە هەینی میدیاکان بڵاویانکردەوە، لە هێرشێکی ئاسمانی ئیسرائیلدا بە سەر قوتابخانەی ئوسامە بن زەید کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەکانی ناوچەی سەفتاوی باکووری شاری غەززە 10 کەس شەهیدکران کە 5 منداڵیانە.

دەزگاکانی هاگەیاندن ئاماژەیان بەوەکرد، "10 شەهید گەیشتوونەتە نەخۆشخانەی شیفاء، لەنەویاندا تەرمی سووتاوی پێنج منداڵ تێدایە". هەروەها ئاماژەیان بەوەشکردووە، "تیمی تایبەتمەند و هاوڵاتیان چەندین تەرمیان دەرهێناوە، لەنەویاندا منداڵێکی ساوا، کە تەرمەکانی پاشماوەی سووتاو بوون ، بەردوامانکە وەرانکاریەکی بەرفراوانی ناوچەکەی لەکۆتوە، بەپێی سەرچاوە ناوخەیەکان".

ئەم بەردوامانە دوای چەند کاتژمێرێک دێت لە کوژرانی 9 هاوڵاتی لە هێرشێکی ئاسمانی ئیسرائیلدا کە کەبوونەوەی هاوڵاتیانی کردە ئامانج لە نزیک قوتابخانەی شەعبان ئەیەس لە گەڕەکی توفاحە لە ڕۆژهەڵاتی شاری غەززە دواتریش گواستراونەتەوە بە نەخۆشخانەی عەرەبی ئەهلی (ئەعمەدانی) ئەو شارە.